## پسپۆڕێکی ئەمەریکی:

## مەسعود بارزانی خاوەنی 2 ملیار و جەلال تاڵەبانی خاوەنی 400 ملیۆن دۆلار

نووسەر saryasy swb7dam

 

مایکڵ روبن، پسپۆری ئەمەریکی لە سیاسەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە راپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوەدا کە کوردەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق گەرەنتییەکیان نییە ئەمەریکا پشتی پێببەستێت.
لە راپۆرتەکەیدا کە هەفتەی داهاتوو لەلایەن پەیمانگای

مایکڵ روبن، پسپۆری ئەمەریکی لە سیاسەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە راپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوەدا کە کوردەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق گەرەنتییەکیان نییە ئەمەریکا پشتی پێببەستێت.
لە راپۆرتەکەیدا کە هەفتەی داهاتوو لەلایەن پەیمانگای وەبەرهێنانی ئەمەریکییەوە بڵاودەکرێتەوە و کۆپییەکی داوەتە رۆژنامەی حوریيەتی تورکی، روبن رەخنەی توندی لە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی گرتووە و بە دیکتاتۆر وەسفیان دەکات.
لە راپۆرتەکەدا روبن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مەسعود بارزانی بۆ ناوخۆ وەك دیکتاتۆرێك مامەڵە دەکات و بۆ دەرەوەش دووڕووانە، چونکە لەلایەك ئێران دژی ئەمەریکا و لەلایەکی تریش ئەمەریکا دژی تورکیا هاندەدات و ئاماژەشی بۆ ئەوەدا کە پەیوەندیی نێوان کوردەکان و ئەمەریکا پەیوەندییەکی رۆمانتیکییە و پێنتاگۆن بە سۆزێکی زۆرەوە لە کوردەکان نزیك بووەتەوە.
لە راپۆرتەکەشدا هاتووە کە لە کاتێکدا بەرپرسانی ئەمەریکی سەردانی کوردەکانیان کردووە، کوردەکان دیاریی بەنرخی وەك خشڵ و زێریان پێداون و کاری تریشیان بۆ کردون و هەندێکیش لەو بەرپرسە ئەمەریکییانەی ئێستا دەستیان لەکارکێشاوەتەوە و پێشتر لە عیراق کاریانکردووە، ئێستا بوونەتە هێزی فشاری کوردەکان.
روبن رەخنەی توندی لە تاڵەبانی و بارزانی گرتووە و ئاماژەی بەوەداوە کە ئەمەریکا هەوڵی ئەوە دەدات کە هەرێمی کوردستان بکاتە مۆدێلی دیموکراسی، بەڵام تاڵەبانی و بارزانی بە دیکتاتۆری خێزانی و بە ئاسایش و دەزگای زانیاریی توند ئەو هەرێمە دەبەن بەڕێوە.
لە کۆتاییشدا روبن ئاماژەی بەوەداوە کە مەسعود بارزانی خاوەنی 2 ملیار دۆلار و جەلال تاڵەبانی خاوەنی 400 ملیۆن دۆلارە.
ئەمەش لینکی هەواڵەکەیە:
http://www.hurriyet.com.tr/dunya/7973858.asp?gid=180&sz=48040

Massoud Khaweni 2 Bilion Dolare.
Jalal Talebani Khaweni 400 Milion Dolare